## کۆمەڵەی نمـای لاوانی کوردستان
## ژمـــارە : ٢٥
## ڕێکەوت : ١٣ / ٥ / ٢٠٠٧

ئامـــاژە بـــە مـــاددەی ( ٧ و٨ ) لـــە یاســـای کۆمەڵـــەکان ژمـــارە (١٨) ســـاڵی ١٩٩٣ ئەنجومـــەنی نیـــشتمانی کوردســـتان – عێـــراق، مۆڵـــەتمان وەرگـــرت لـــە وەزارەتـــی نـــاوخۆ بـــە نوســـراوی ژمـــارە ﴿ ١٨٤٤/٤٠٥ ﴾ لـــە ڕێکـــەوتی﴿ ٢٠٠٦/٢/١٦ ﴾دا بۆیـــە ڕژێمـــی نـــاوخۆی کۆمەڵەکەمان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

# پەیـڕەوی ناوخـۆ

**بەنـدی یەکـەم :**

نـاوی کـۆمـەڵـە:

**کۆمـەڵـەی نمـای لاوانی کـوردسـتـان**

بە **نما** ئاماژەی پێدەکرێت. نما لە زمانی کوردیدا مانای (گەشە)

سنوری چالاکیەکانی کۆمەڵە لە گشت شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دەبێت

**بەنـدی دووەم :**

ئـازادی ، نوێگـەری ، داهێـنـان

**بەنـدی سـێـیـەم:**

## پێناســـەی ئـارم

ئاڕمی کۆمەڵە بریتیە لـە (بازنە،نەخـشەی کوردسـتانی گـەورە، دەسـتێك، پـەرتوکێك، ڕەنگـی خـاکی و شین) بازنە بە مانای گۆی زەوی، نەخشەی نیوبازنەکە نەخشەی کوردستانی گەورە، دەستی نێونەخشەکەو پەڕتوکەکەش دەستوو پەیامی لاوان دەگەیەنێت، ڕەنگی خاکیش ڕەنگی خاکی کوردستانە ڕەنگی شینیش بۆ ئامانج بەکار دێت)

ئـازادی بیروبیرکردنـەوە بنـەمای ڕەخـساندن و کردنـەوەی کـۆتی فکـرە، نوێگـەریش نـوێ بونـەوەی کۆمەلگایە لەبیرکردنەوەو توانا، بەهرەوداهێنانیش

ئەودەسکەوتەوسـەرمایە ڕمـزی و گەوهەریانەدەگریتـەوە لـە بزوتنـەوەی زانـست وبـەهرەی و توانـای جۆراوجۆر جۆرەکانی لاوان خۆیان کەبە دەستی دێنن.

## پێناسـەی گشـتی کـۆمـەڵــە

کۆمەڵەیـەکی مـەدەنی سـەربەخۆیە تێدەکۆشـێت بـۆ هێنانـەدی بـەهرەو خولیاکـانی لاوان بـە گـشتی بـێ جیـاوازی و بیروبۆچـونی نەتـەوەی و،سیاسـی، ورگـەزی، خـەبات دەکـات

ئـەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بۆنەهێشتنی ئەو بەربەستو کۆسپانەی کەمەودای ئازادی لاوانە بەرتەسك کردۆتەوە، هەروەها ستراتیژی ئیش کردنە بۆ گەرانەوەو وەرگرتنەوەی متمانی لاوان بە عەقڵ وبیری خۆیان ، بە گیانێکی نوێ لاوان پەروەردە دەکات

## دروشمەکانی کۆمەڵە

**نوێگەری**
**ئازادی بیر**
**داهێنان**

### بەندی یەکەم

١. بەرەوپێش بردنی پرۆسەی مەدەنیەت لە بواری کۆمەلایەتی دا و چاکسازی کردنی کەلتوری کۆمەلگا لە سەر شێوازێکی هاوچەرخ.
٢. بڕووابون بە هەموومافەکانی لاو و بوژانەوەی ئەوسەرچاوانەی ئەبنە پالپشت بۆ خزمەتکردنی لاو .
٣. قبوڵکردنی نوێگەری بەدیوە روناکەکەی دا.
٤. بڕوابون بە مافەکانی ژنان و ئیش کردن بۆ کەم کردنەوەی جیاوازیە کۆمەلایەوتی و سیاسی و ئابوریەکان لەگەڵ پیاودا.
٥. فشارهێنان بۆ دەوڵەت بۆگەرانەوە و وەرگرتنەوەی مافە لەبیر کراوەکانی لاو یان ئەو لاوانەی دابراون لە عەقڵی سیاسی سەردەم یان دابڕاون لە ئاراستەی نوێ.
٦. سەر لە نوێ تەفسیرکردنەوەی ئەو حیکایەتانەی کە پاشخانی رۆشنبیری کوردی پێی دەولەمەند دەبێت.
٧. پەروەردەکردن و پێدانی ئەو تێزانە بە عەقڵی لاو کە بنەمای شۆرشی کورد بۆ ڕزگاری باوەڕی پێ هێناوە لە بواری نەتەوەیدا.
٨. قبوڵ کردن و هێنانی هەرچەمکێکی تازە کە لەگەڵ شەپولی نوێگەری جیهاندا هاوئاهەنگ بێ بۆ سەربەستیکردنی لاو.
٩. ئیشکردن بە چەمکی فیمینیزم و کارکردن بۆسەر بەخۆکردنیان و رزگارکردنیان و هەلوەشانەوەی ئەو دیوارانەی کە رێگای ئازادی ژنان کوردیان گرتوە لە بواری کۆمەلایەتی وئاینی و ئابوری و سیاسی دا .
١٠. خزمەتکردنی لاو بە تازەترین ئالیەتی تەکنەلوژیا بۆ پێشخستنیان لە بواری کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیدا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١١. پەیوەنـــدی دڵـــسوزانە لـــە گـــەڵ هەرکـــەس و ڕێکخـــراو وحیزبێکـــدا کـــە خزمـــەت بـــە دۆزی ڕەوای لاوان بکات.

١٢.هەڵوێـــست وەرگـــرتن لـــە هـــەر تـــاقم و ئایـــدیا و کۆمـــەڵێك بـــەناڕەواو ئیدانـــەکردن و ڕسواکردن کە دەست درێژی بۆ مافەکانی لاوان بکات بە ناڕەوا.

١٣. لێکوڵینـــەوەوە و بەدواداچـــون بـــۆ وەرگرتنـــەوەی مـــافی لاوان لـــە لایـــەن دەوڵتـــەوە لـــەڕوی یاسای و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە.

١٤چـــاودێری کردنـــی دام ودەزگاکـــانی حوکمـــەت لـــە گەنـــدەڵی و کـــەموکوڕی کارمەنـــدانی لـــە بواری جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا.

١٥.پەیوەنـــدی بەســـتن لەگـــەڵ ڕێکخـــراوە نێونەتەوەییـــە جیهانیەکانـــدا وەکـــو پردێـــك بـــۆ ناردنـــە دەرەوەو پـــشتگیری کردنـــی ئـــەو لاوانـــەی بـــە مەبەســـتی خوێنـــدن یـــان بـــۆ هـــەر کارێکی ڕۆشنبیری ڕولەدەرەوەی وولات بکەن .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com